# بێ باكی وفرامۆشكردنی كێشەكانی كۆمەڵ
# بە سانا رەت نابی و زۆریش دەوەستی

**پارێزەر فایق جەمیل**



خەڵكانی كوردستان لە نوسەری سیاسی وروشنبیرو خاوەن هرزی پێشكەوتوخوازو خەباتگێرو رۆلانی شەهیدان بێ وچان ئەڵێن وئەنوسن لە بارەی رەوش ورێبازی نالەبار وكەم وكورتی نێو كۆمەڵ وبارودۆخی ئابوری وكۆمەلایەتی دژوار وگەڵی لایەنی ناگونجاو زۆربەی دام ودەزگای حكومەتی هەرێم وهەردو حزبی دەسەڵاتدار لێی بەرپرس دەكەن بەتایبەتی سەبارەت بە گەندەڵی دارایی وئیداری فرەوان و قول كە بووە تە دیاردەیەكی زەق بە گەڵێ شێوە خۆیی دەنوێنێ سەرانسەری هەرێمی گرتوتەوە, سەرباری بێ یاسایی لە نێو كۆمەڵ دا بەرادەیەك هەست ناكرێت دەسەڵاتێ هەبێ یاسا بە سەرخەڵكا بسەپێنێ و سەنگەری راستەقینەی ئابوری وژیانی ئادەمیزادی ئاسایی لە رۆشنای یاسا ویەكسان وعەدالەت بپارێزێ , هەزارن دەست درێژی نارەوا لە مولك و ماڵی و ماڤ گشتی گەلڵ بە ریێ خۆشكردنی حكومەت ئەكرێ , بێ وەی لایەنێكی فۆرمی یا حزبی دەسەڵاتدار بەرپرسانە لیێ بتۆژیتەوە لەبەر بونی زۆبەیان بە بەشێكی گەورە لە رێرەوی گەندەڵی لە هەرێم بە گەڵی جۆرو شێوە .

سەردانە مێژوە كەی سەرۆكی هەرێم بۆ پارێزگای سولەیمانی لە مانگی سەبتەمبەری رابوردو گەڵێ سەركەوتوو دڵ خۆشكەرەوەبو لەم مەیانە ئەوەی تێبینی لێكرا بە جۆش و دوپاتكردنەوە ئەنگوستی لە سەر برینی نایاسایی لە هەرێم دانا گەڵێ جار دو بارەی كردەوە كە ئەبێ یاسا لە هەرێم ( سەروەر )بێت بەسەر گشت خەڵكانی گەڵی كوردستان بێ جیاوازی لە هەمان كات بە توندی پیێ داگرت بە سەر گەندەڵی و كارە نا ئاسایەكان دیار بو ئاگاداری گشت بارودۆخی نالەباروكیشە قورسەكانی میللت بو بەڵام جیێ داخە و سەرسورمانە كە بە هیچ جۆرێ لە رۆشنایی وتە زیرینەكانی بچوكترین گۆرانكاریەك لەم بوارانە دا لە نێودام ودەزگا ی حكومەت و كۆمەل نەروخساو وبەدی نەكرا گشت دوپات و دوبارەكردنەوەكانی بە تایبەتی لە بارەی بێ یاسایی وگەندەڵی تا ئیمرۆ بی دەنگە بە هیچ جۆرێ پۆسەتیڤ رەنگی نەدایەوە و بێ وەی هیچ هەنگاوێ بەدی بكرێ بۆ چارە سەر كردنیی .

شایانی وتنە كە پێشیل كردنی یاسا بە هۆكاری سەرەكی بونی گەندەڵی لە قەڵەم دەدرێ كە لە بنەرەتە لە دەسەڵاتداران دەست پێدەكات بەرەو ژێر تا پەردەسێنی بۆ نزمترین پڵە لە نێوفەرمانبەران و كارمەندانی دام ودەزگای حكومەت , لەم بارەوە هەرگیز نایەتە خەیال فەرمانبەرێ لە پڵەیەكی نزم لە دەزگایی حكومەت بە راشكاوی بیوێری و بتوانی پێشیلی یاسا بكات لە پێناو بەرژەوەندی تەسكی خۆ گەر دڵنیا نەبێ كە لێپێچینەوە بونی نیەو هەر وەك لە خۆ بەرز تر لەم بارەوە قسور ناكات گەر بە جوتە و بە كۆمەڵ هاوبەش نەبن ..! , واتە لەناوبردنی گەندەڵی قەرە چۆ كردنی لە پڵەكانی سەرەوە ی دەسەڵاتداران دەست پێدەكات نەك چەند فەرمانبەرو كارمەندان ببنە قوربانی بۆ چاو پۆشین و شاردنەوەی مەسەلەكە لە ناو كۆمەڵ -- ئەوەش گەر لە بنەرەتا نیازی وا هەبێت –

هەڵبەتە گەندەڵی لە هەرێم ئەوەندە قول و فرەوانە زەرەرو زیانی زۆر بە ماڤ رەوای خەڵكانی كوردستان گەیاندوە ئینجا رێرەوی ژیانی ئاسایی ورۆژانەو رەوشی دیموكراسی و ماڤ ئادەمیزاد , گەرچی هەوڵدانێ بێ سود لەم مانگانەی رابوردو سەری هەڵدا كە گۆیا { پرۆسەی گەندەڵیێ لە هەرێم بەم رادەیە نیە كە باسی لێوە دەكەرێ , سەربەستی میدیاو ئامێرەكانی راگەیاند لە هەرێم لە مەیدانی فرەوانی ئەم دیموكراسییەی هەیە } زیادە رۆی بۆ روخساندوە و لە قەبارەی راستی خۆی دەرچواندوە .

رۆژانە لاپەرەكانی رۆژنامەو گوڤاروسایتەكانی ئینتەرنێت تەنانەت كەنالە تەلەفزیۆنەكانی ناو خۆیی هەرێم دیاردەكانی نێگەتیڤ وگەندەڵی وبێ یاسایی بە گەڵێ جۆرو شێوە ئەیخەنە پێش چاوی لێپسراوان و دەسەڵاتداران بێ وەی هەست بكرێ رەنگدانەوەیكی چاوەروان كراو لەم هاوارو فیغانە خۆی بەدی كات , بەرادەیەك خەڵك سەرسام ماون لە گوێنەدان وفەرامۆش كردنی ئەم هەمو وتنەو نوسین و وتارە .. ئەبێ نەخوێندرێتەو گوێبیستی نەبێ ...؟ ئەشیێ ئاگاداری ویست وخواست و

بیرواوبۆچونی جەماوەری گەلی کوردستان نەبن ... ؟یا بێ باکن لە بەرژەوەند نیە چارەسەرکردنی ... ؟ یا لە بنەرەتا خاوەنی نیەت وتواناوئیمکانیاتی ئیداری وتکنیکی نین وکارلەکار ترازایا...! , بۆیە گلەیی وگازندە کردن لە رۆژنامە و ئامێرەکانی راگەیاندن لە بارەی بەردەوام نوسین و ئاشکرا کردنی روداوەکانی بێ یاسایی وگەندەلی وبەرەلایی لە هەرێم بە تایبەتی لە نێو دام ودەزگای میری نارەوایە , لە کاتێ بە ئەرکەکی پیرۆزی رۆژنامە گەری وراگەیاندن لە قەلەم دەد رێ تەنانەت بێ دەنگی وچاوپۆشی لە خانەی خیانەت و هەست نەکردنە بە لێپرسینەوە دور لە ویژدان و راستی ورەوایی , لەم بارەوە بەردەوام و درێژە پێدانی لاپەرانی رۆژنامەکان و ئامێرەکانی راگەیاندن بە مەسەلەی گەندەلی و بەرەلایی هەلبەتە پەیوەندی بە تێنی هەیە بە چارەسەر نەکردنی و گوێ نەدان بە ویستی خەلك و نە هینانەدی داخوازیە رەوایەکانی جەماوری گەلی کوردستان سەرباری پێشیل کردنی رێرەوی دیموکراسی وریبازی نا یاسایی و چەپەلێ و نالەبار دور لەبەرژەوەندی ئاسایی خەلکان . لە هەمان کات وێرای ئەم هەمو رسواکردنی گەندەلی وبێ یاسایی ونا عەدالەتی لە سەرتاپای هەرێم لە لایان جەماوەرو روشنبیران و خەلکانی دلێ سوتاوی هەرێمی کوردستان و فیرودانی سەروەت و سامانی ولات بە گەلێ شێوە ی نارەوا لە پێناوی هینانەدی بەرژەوەندی چەپەلی تایبەت بە هەندێ کۆمەلێ بچوکی چاوچنۆك , هێشتا گەندەلی هەر بەردەوامەو درێژەی پێدەدات ئەمەش بێگومان بە گشتی ئەگەرێتەوە ئەم هۆکارانەی لە خوارەوە دەست نیشان کراوە :

1- زۆربەی دەسەلاتدارانی دام ودەزگای حکومەت ئەم مەسەلە سەرەکی وگرینگ لە ژیانی خەلك بە جدی وەرنەگرتووە بە دیاردەیەکی ئاسایی لە قەلەم دەدەن لە هەمان کات گەلێ لەمان لە بەرژەوەندیان نیە قەرەچۆ کردنی , بەشێکی سەرەکین تەێدا , بۆ ئەم راستیە گەر فایل ودۆسی یەکانی تاپۆووەزارەتی دارایی و شارەوانی و گەشت وگوزارو زۆربەی دایرەکانی دام ودەزگای حکومەت هەرتەکێندرێ بێ گومان ئەزاندرێ تا چ رادەیەك یاساو رێنمایەکانی لە ماوەی پانزە سالی رابوردو لە پێناو هینانەدی بەرژەوەندی تەسکی تایبەت بێ رەوا پێشیل کراوە , گەندەلی تا چ رادەیەك رەگی داکوتیوە لەسەر حیسابی سەروەت و سامانی خەلکانی کوردستان و مافە رەوا خوراوەکان .

2- هیچ تۆژینەوە نیە هەرچی دەکرێ ورودەدا لە بواری گەندەلی و پێشیلکردنی یاسا بێ لێکۆلینەوە دەرباز دەبێ , تەنانەت لەبەر گەلێ هوی وپەیوەندی تایبەت لە دام ودەزگای حکومەت دادەپۆشرێ وبنگۆم دەکرێ .

3— موحاسبەی یاسایی هەرگیز نەبوە گەر هەبێ هەندێ جار بە روالەتەو بۆ چاو پۆشینە .

4— ولات بەرەلایە یاسا هەر هەندە بەکارە بەرژەوەندی کارو ئیشی دەسەلاتداران رێ بکات و جێبەجێ بێت .

5- دەسەلاتی جێبەجێ کردن ( السلطة التنفيذية ) دورە لە چاوەدێری وتۆژینەوەی دەسەلاتی یاسادانان (السلطة التشريعية ) واتە ( بەرلەمان ) – لە سایەی هاوپەیمانی دو حزبی سەرەکی لە هەرێم , { پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نشتمانی کوردستان }– کە زۆربەی زۆری ئەندامانی لەم دو حزبە پێکهاتوە بۆیە دەستەی ئۆپۆزیۆن لەم بەرلەمانە بونی نیە , بەرانبەر ئەم هەلکەوتوە دەستەی وەزیران ( السلطة التنفيذية ) بە تاك وکۆمەلێ سەربەستە بێ وەی بە هیچ شێوەیەك لە کاروفەرمانەکانی بتۆژرێتەوە ,بۆیە شتێ لەم بارەوە بە درێژای حکومەتەکانی کوردستان روی نەداوە .

6–گەندەلی ئیداری ودارایی وئابوری لە نێو دام ودەزگای حکومەت وکۆمەلێ بەگشتی ئەوەندە فرەوانەوپەرەی ساندووە چارەسەر کردنی لە ئاستی تواناوئیمکانیاتی هزری وئیداری وتەکنیکی دەسەلاتدارانی ئیمرۆ نیە .

بێ گومان حکومەتی سەرکەوتو لە دابین کردنی بژیوی ئاسایی وکەرامەی هاوولاتیان لە بواری ئابوری وکۆمەلایەتی و سەروەری یاسا وچەسپاندنی یەکسانی وعەدالەت لە نێو کۆمەلێ لەپالێ سیستەمی دیموکراسی راستەقینەی فرەوان پێوەری راستەقینەی بە هێزی و تواناو رێزی حکومەتە نەك هێزی ئەرتەش و دام ودەزگای ئەمنی وتوندوتیژی بۆ هینانەدی بەرژەوەندی تاقمێ سەر بە دەستەی حکومەت و دەسەلات داران .شایانی وتنە حکومەتەکانی مودیرنی هاوچەرخ پابەندن بە یاساوچەسپاندنی لە چوارچیوەی سیستەمی دیموکراسی بەتایبەتی لە بواری سەربەستی و جودایی لە مەیان هەرسێ دەسەلاتی سەرەکی لە هەیکەلی دەولەت {السلطة التنفيذية والتشريعيه والقضائية }هەلبەتە ئەم حکوماتانەی کە بە یاساو مەرجەکانی دیموکراسی لە نێومیلەت چەسپاوون بەرنامەو ئامانجی سەرەکی هینانەدی گشت بەرژەوەندی یەکانی خەلکان وخزمەتکردن لە گشت لایەنی ژیانەوە بە تایبەتی خوێندن وتەندروستی وخزمەتگوزاری شارەوانی ودابین کردنی گشت پێویستەکانی ژیانی

ئابوری وکۆمەڵایەتی ئەم حکوماتانە جێی شانازی میللەتە لە لایەك ڕێزوشایستەی گەلانی جیهانە لە لایەکی دی .

گەر لە روانگەی بۆچونی سەرەوە لە حکومەتی هەرێم بکۆلینەوە بە راشکاوی بۆمان دەردەکەوی کە یەکجار بێ هێزو تواناو بێ دەسەڵاتە نەك لە رووی هێزی مادی و ئەرتەشی و چەك وسیلاح و دامودەزگای ئەمنی وئاسایشی جۆراوجۆر کە ئەمەش لە راستیدا بویتە هوکاری سەقامگیری ئەمن وئاسایش لە سەرتاپەی هەرێم بێ هێزی و بی ٚتوانایی حکومەتی هەرێم لە بلاوبونەوەی گەندەڵی لەنێو دام ودەزگای حکومەت بە تایبەتی لە شوێنەکانی کاریگەرو خاوەن قەرار وفەرمان لەوەدانیە نکوڵی لێوە بکرێ جگە لە بەرەلای وبێ یاسایی بە گشتی بە هەزارو یەك شێوە رەنگی داوەتەوە ناو کۆمەڵ بە رادەیەك گەڵێ لە شیرازەکانی نیو کۆمەڵ بچراوە گشت لایەنی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتانی شلەژاندوە ئەمەش بێگومان دیاردەیەکی زۆر بەترسە گەر دەوام کات کۆمەڵی هەریًم بە شێوەیەك ئەتەپی بە تایبەتی لە بواری ئیداری وئابوری وکۆمەڵایەتی ئەگەر سیستەمەکەی بە گشتی نەروخێ...! , بێ سەروەری یاسا لە وڵات , نەبونی یەکسانی و عەدالەت زۆر مەترسی زیاترە لە بونی یاسای توندوتیژودیکتاتۆری بەسەر کۆمەڵ تەنانەت گەر دوریش بێت لە یەکسانی وعەدالەت هەرنەبێ سەبارەت مانەوەی هەیکلی کۆمەڵایەتی وشیرازەکانی. .

پشتگوێ وفەرامۆش کردنی ویست وخواستی هاووڵاتیان لە لایەك چارە سەر نەکردنی کێشەکانی یاسایی وئابوری وکۆمەڵایەتی ناو میللەت لە لایەکی دی لە روانگەی کارەساتی گەندەڵی لە نێو دام ودەزگای حکومەت کە هەرنەبێ لە ماوەی دەساڵی رابوردو رەگی کوتاوە زۆر دەوەستێ بەسەر گەڵی کوردستان , مێژوو شایەدە بێ باکی و دورەپەرێزی و خۆلادان و فەرامۆش کردنی کێشەکانی کۆمەڵ هەندە بە هاسانی رەت نابێ رۆژێ درەنگ یازو کاردانەوەی بە توندی بەدەر دەکەوێ زەرەرو زیانێکی زۆر بە میللەتی هەرێم و پاشە رۆژی دەگەێنی .

شایانی وتنە کە رێرەوی دیموکراسی راستەقینەلە هەرێم و چەسپاندنی بە تاکە فاکتری کارگێر بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی گەڵی کوردستان لە قەلەم دەدرێ , سەرکەوتنی دیموکراسی سەرکەوتنی میللەتە واتە پاشەرۆژی سەرفرازوژیانی ئاسودەی بێ گیرو گرفتە , سەروەری یاسا و مامەلەی بی جیاوازی یانی روخانی قیەمی کۆنە پەرستی وعەشیرەتی .

میللەتێ رزگاری دەبێ لە حوکمی دەوڵەتێ بیگانە و ئەکەوێتە سەرپێ دام ودەزگای حکومەتی سەربەخۆ دەگرێتە دەست هەڵبەتە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێ زۆرگرینگە لە مێژوی گەڵ و دوارۆژانی پاش سەدان ساڵ لە چەوسانەوە لە ژێر باری زولم وزۆری وفشار بەلام ئەم رزگاربونە وسەربەخۆیە یا نیمچە سەربە خۆیی وەك ( هەرێمی کوردستان ) هەمو شتێ نیە گەر رەنگ نەداتەوە لە نێو ژیانی رۆژانەی گەڵ بە گەلێ روو, ئازادی وسەربەستی هاووڵاتیان سەروەری یاساو سەپاندنی بە یەکسانی وبێً جیاوازی , دابین کردنی ژیانی سەرفرازی گەشەدار , رێرەوی دیموکراسی راستەقینە , پاراستنی سەروەت وسامانی وڵات , لە پاڵ هینانەدی گەڵێ ویست خواستی و هیواو ئامانج کە رۆڵانی میللەت لە پێناوی هەزاران قوربانی بۆ پێکەش کردوە بۆیە بێ ئەم مەرجانە و موجەڕد بڵندکردنەوەی دروشمی نەتەوەیی بریقەدار وهەڵدان بە خاك وخۆڵی نشتمان هیچ ناگەیێنی زۆر جاریش شێوەێکە لە هەڵاتن لە چەخت وفشاری کێشەکانی سەرەکی میللەت .

---

هەولێر

مانگی دیسەمبەر 2006